# کەیسی زمانی یەکگرتوو
## بەشی 7

## بەبێ تێگەیشتن، بوونمان نییە
## زمان و دیالۆگ ئەو سەرچاوەیەیان لە خۆ گرتووە*



**ئاسۆ بیارەیی**
سوێد 2007-2-6

assobyari@yahoo.com

---

زمان سەرچاوەی تێگەیشتن و دیالۆگە، سەرچاوەی بوونی مرۆڤە و بە هێزیی ئاخافتن لە وەدایە کە برەو بەپێوەندی کۆمەڵایەتی دەدات لە نێوان گروپێک یان کۆمەڵگەیەک. هەستی بوون بە هۆی ئاخافتنەوە ئەو ووزەیە بەمرۆڤ وەکو گیانلەبەرێکی کۆمەلایەتی دەبەخشێت و ناسنامەیەکی پێدەدات. زمان وەکو ئامرازێکی دیالۆگ گرنگی و کاریگەری خۆی هەیە لە وانە لە پرۆسەی پەروەردە و گەشەکردن. مرۆڤ ناتوانێت خۆی بناسێتەوە ئەگەر لە پرۆسەی کۆمەڵایەتی لە گەڵ مرۆڤەکانی ترد بەشدار نەبێت، ئەو خۆ ناسینەوەیەی مرۆڤیش وەکو گیانلەبەرێکی کۆمەلایەتی بە هۆی زمانەوەیە . لە بەر تیشکی ئەو بۆچونە ئەو ئەنجامە دەستەبەر دەکرێت کە قەدەغەکردن و لە ناوبردنی هەر زمانێک زیانگەلێکی دەروونی و کۆمەڵایەتی لە پاش خۆی بۆ ئەو کەسە یان ئەو کۆمەڵگەیە بە جێ دەهێڵێت و گەشەکردنی لێ زەوت دەکات، سەرباری لە ناوبردن. کەواتە هیچ سەیرنییە کە داگیرکەرێک وڵاتێک داگیر دەکات یەکەم هەنگاوی ئەوەیە کە زمانی ئەو نەتەوە ژێر دەستە لاوازبکات لە ڕۆڵی بەکارهێنانی لە نێو دانیشتوانی ئەو گەلە ژێر دەستەدا.

لێرەو دیسان ئەگەر لە سەر بنەمای سۆز و هەڕەمەکی و بەبێ بەڕنامەیەکی زانستی، یەکێک لە بەشەکانی زمانی کوردی بەسەر بەشەکانی تردا بە بڕیارێکی سیاسی سەرپێی زاڵ بکرێت، گریمانەی لە یەک ترازان نزیکتر دەبێت لەوەی گیانی دیالۆگ و پردی یەکبوونەوە ببەسترێت. لێ زمانی دیالۆگە کە پێوەندەیە کۆمەلایەتیەکان بە یەکتر ئاشنا دەکات و ئەو بنەما پتەو لە نێو ئەندامی نەتەوەیەک دروست دەکات بۆ سەرەتای لە دایک بوونی زمانێکی یەکگرتوو. کەواتە بۆ گەلێکی ژێردەستەی وەکو کورد، بەپێچەوانەی ئەو کەسانەی کە لەڕوی سۆزەوە لە گەڵ سەپاندنی سۆرانین بە سەر ستونەکانی دی زمانی کوردیدا، گەشە پێدانی سەرجەم شێوە زمانەکانی کوردی هەنگاوی یەکەمە بۆ بەستنەوەی گیانی بڕوا بوون بەیەکتر و پێکهێنانی پلاتفۆرمێکی یەکگرتوو بۆ زمانێک کە هەموو تاکێکی کورد بتوانێت بە هۆیەوە بە ئاسانی لە تاکەکانی دی تێبگات.

دۆخی لاوازی ئەمڕۆی زمانی کوردی کە جێگەی بەزەیی پێدا هاتنەوەیە، پێویستی بە کۆششێکی بێ وچانە بۆ بەرزنرخاندی لە لە لای هەموو تاکی کورد، ئەوەش کاری ڕۆشنبیر و دەزگا میری و تایبەتیەکانە و دەبێت بودجەیەکی بۆ تەرخان بکرێت تا کو لە کاریگەری زمانی بێگانە بە تایبەتی عەرەبی ڕزگار بکرێت. من وا دەبنینم، کە گەشە پێدانی بەشەکانی زمانی کوردی و سوود وەرگرتن لێیان، گەورەترین قازانجە بۆ داهاتووی نەوەکان. ئەو نووسەر و لایانانەی کە خۆیان بە دڵسۆزی زمانی کوردی دەزانن، دەبێت خۆیان ببن بە

نموونه بۆ بەکارهێنانی زمانێکی کوردی پاراو و ئەو هەنگاوە بنێن کە لە خودی خۆیانەوە دەست پێدەکات، نەک هەڵتەکاندنی دوا بەردی بناغەی زمانی کوردی لە پێناوی هیچدا. وەکو لە کەیسەکانی ترمدا پەنجەم بۆ بردوە، پەنا بردن بۆ بەکارهێنانی ووشەی عەرەبی، کە زمانی نەتەوەیەکی سەردەستە، لە جیاتی ووشەی زاراوەکانی تری کوردی و لاتینی، زاراوەی سۆرانی نەک پاش دەخات، بە ڵکو وابەستەشی بە زمانی عەرەبیەوە دەکات و لە ڕوی زانستیەوە گەوەرەترین زیان بە زانست و خوێندنی کوردی دەدات. نموونەکان زۆرن، هەر لە زمانی ئەندامانی پەرلەمانەوە تاکو بچوکترین ئەندامی کۆمەڵگەی کوردی، ووشەی عەرەبی( زمانی داگیرکەر) زۆر بەشانازی و بەبێ ئاگایی بەکاردەهێنێنن. دەبا کەمکردنەوەی بەکارهێنانی ووشە و چەمکی عەرەبی هەنگاوی یەکەم بێت بەرەو پرۆسەی زمانی یەکگرتووی کوردی، دەبا ئەو هەنگاوە لەو ڕۆشنبیر و لایانانەوە دەست پێبکات کە خەمی گەورەیان زمانی یەکگرتووی کوردیە.

---------------------------------------------------------------

**سەرچاوەی زانستی**

Gergen, J. (2005). *An invitation to Social Construction.* Page 143. London: British Library.